www.kurdistannet.org
27-6-2006 18:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## گاردی ئازادی، چرایەکی ئومێد بەخشە ... عامر سابیر

asabir79@hotmail. com

چەند ساڵ لەمەوپێش کە ڕابەران و هێزی چەکداری حیزبەکەی مەنسور حیکمەت چونە ناو شاری مەریوانەوە و لە بڵندگۆی مزگەوتەوە بۆ خەڵکی دووان، خەڵکی شارەکانی تر بە خەڵکی مەریوانیان دەوت، نوخشە بێت لە مزگەوتەکانی ئێمەش. بەڵام هاوشێوەکانی پارتی و یەکێتیی لە کوردستانی ئێران وتیان بە بی ئاگاداری جمهوری ئیسلامی کارێکی وا نەکردەیە.

لە نەورۆزی ئەمساڵیشدا گاردی ئازادی حیزبی حیکمەتیست لە جەژن و خۆشی چەند گەڕەکی شاری سنەدا بەشداربوون، وە هەروەها لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا گاردی ئازادی لە چەند گەڕەکی شاری مەهاباد و مەریوان مانۆڕێکی سیاسی و عەسکەری گەورەیان ئەنجامدا. ئەم جارەیان هاوشێوەکانی پارتی و یەکێتیی وتیان ئێوە کاری سوپەرمانی ئەکەن و ژیانی خەڵکی و چەکدارەکانی خۆتان ئەکەنە خەتەرەوە.

ئەوە چەند ساڵێکە هاوشێوەکانی یەکێتیی و پارتی لە کوردستانی ئێران، لاسایی ناسیۆنالیستەکانی کوردستانی عێراق ئەکەنەوە و هەوڵی بی ئەنجام ئەدەن و خەریکی دامەزراندنی بەرەی کوردستانین، ئەو (بەرەی کوردستانی) یەی کە لە کوردستانی عێراقدا لە شەڕ زیاتر خێری بۆ خەڵکی کوردستان نەبووە، ئەو بەرەی کوردستانییەی کە سەرکوتکردن و تالانکردن و ئاودیوکردن و شەڕی ناوخۆ تەنها چەند لاپەڕەیەکی کەمە لە مێژووی ڕەشی پێکهێنەرەکانی.

ناسیۆنالیست و کۆنەپەرستەکانی کوردستانی ئێران، بەم کوشتارگایەی کە ئەمریکا لە عێراقدا خوڵقاندویەتی، هیچ هەستی ئینسانییان نەجولاوە، گوا قولاغ وەستاون و دوعا دەکەن و چاوەڕێن کە ئەمریکا هەمان تاوانی عێراق لە ئێراندا دووبارە بکاتەوە، تا ئەمانیش چەشنی پارتی و یەکێتیی چانسیان هەبێت سەرمایە کەڵەکە بکەن و یاری بە چارەنوسی خەڵکی کوردستانەوە بکەن.

ئەو فیدرالیزمەی کە خەڵکی کوردستانی عێراق بە دوو ملیۆن ئیمزا دژی وەستایەوە، بەڵام هاوشێوەکانی پارتی و یەکێتیی هەر لە ئێستاوە کردوویانە بە دەرمانی هەموو دەردەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران.

کارکرد و مێژووی پارتی و یەکێتیی لە 15 ساڵی ڕابردوودا، تەجروبەیەکی گەورەیە لە بەردەم خەڵکیدا، لە کوردستانی ئێران، کە لە هەر گۆڕانکارییەکی سبەینێیی ئێراندا، ڕێگە نەدەن کە (ناسیۆنالیست و میلیشیاکانیان، سەرخێڵ و کۆنەویستەکان، ئەوانەی کە هەر بە دوای پایە و کەڵەکە کردنی سەرمایەوەن، ئەوانەی نە حیساب بۆ خەڵکی ئەکەن و نە گوا لە خەڵکی ئەگرن وە یاری بە چارەنوسی خەڵکەوە ئەکەن) شانسی ئەوەیان هەبێت خۆیان بسەپێنن بە سەر خەڵکیدا وە دەبێت لە بری ئەوانە (کرێکاران و ڕابەرانیان، کومونیستەکان، چەپ و ڕادیکاڵە ئازادیخوازەکان، ئەوانەی کە ئینسان گەورەترین سەرمایەیە لە لایان و خۆشگوزەرانی ئینسانەکان فەلسەفەی بوون و خەباتییانە) ئەمانە دەبێت بەڕێوەبەری کۆمەڵگەبن.

بۆیە، بۆ ئایندەیەکی گەش و دابینکردنی ژیانێکی خۆش پێویستە گاردی ئازادی بگەشێندرێتەوە و گەورە بکرێت لە لایەن لاوان و خەڵکی بەشمەینەت و زەحمەتکێشی کوردستانەوە.

بۆ بە عەمەلی کردنی ئەو ئایندە گەشە بۆ خەڵکی کوردستان، بژی گاردی ئازادی و حیزبەکەی، حیزبی حیکمەتیست.

2006/6/27